## سوورەی قورەیش

**سوورەی قورەیش لە مەککە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ۴ ئایەتە**

بە ناوی خوای بەخشەر و دلّلاوێن.

(سزادانی خاوەنی فیل) لەبەر یەکگرتن و پێکەوەمانی قورەیش بوو ﴿۱﴾ خۆ پێکەوە گرتنی ئەوانە لە کۆچکردنیان بەرەو زۆزان و گەرمیان (خۆی نیشانداوە؛ لە سالانە دوو جار ئەنجام دراوە) ﴿۲﴾ جا (بە شوکرانەی ئەم نیعمەتە گەورە) با پەروەرێنەری ئەم مالّە (کابە) بپەرستن ﴿۳﴾ ئەو کەسەی کە ئەوانی لە نێز و برسییەتی بێنیاز و رزگار کرد، ئەوانی دلّنیا کرد کە نەترسن ﴿۴﴾

## سوورەی ماعوون

**سوورەی ماعوون لە مەککە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ۷ ئایەتە**

بە ناوی خوای بەخشەر و دلّلاوێن.

ئاخۆ ئەو کەسەی کە رۆژی جەزای بە درۆ دەزانی دیتت ﴿۱﴾ جا ئەو کەسێکە کە هەتیو بە تووڕەبوونەوە دەرئەکا ﴿۲﴾ خەلّکی بۆ خۆراکدان بە نەدار و مسکێن دنە نادا ﴿۳﴾ وای بۆ نوێژخوێنان ﴿۴﴾ ئەو کەسانەی کە لە نوێژ کردنی خۆیاندا کەمتەرخەم بوون و کەمتر هۆشیان بە نوێژیانەوە بووگە ﴿۵﴾ ئەوانەی رووبینن و ریاکارن ﴿۶﴾ دەبنە بەرگر لە باربوودان و زەبارە و یارمەتیدانی هەژاران و پەککەوتوو ﴿۷﴾

## سوورەی کەوسەر

**سوورەی کەوسەر لە مەککە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ۳ ئایەتە**

بە ناوی خوای بەخشەر و دلّلاوێن.

ئێمە کەوسەر (قورئان، خێر و بەرەکەتی زۆر)مان بە تۆ دا ﴿۱﴾ جا بۆ پەروەرێنەرت نوێژ و قوربانی بکە (انحر لە نحر: سەربرینی وشتر، رووکردنە قبیلە لە کاتی نوێژدا) ﴿۲﴾ ئەوی لێت بە ناتۆرەیە بۆخۆی وەجاخی کوێرەیە ﴿۳﴾